# یاسای ژماره (۱۷)ی ساڵی ۱۹۹۹
# یاسای پارێزەرایەتی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەل**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ۳۳**
**ڕۆژی بڕیار: ۱۹۹۹/۱۲/۱۹**

## «بڕیار»

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (۳)ی مادده (۲) لە یاسای ژمارە (۱۰)ی ساڵی ۱۹۹۷ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ۱۹۹۹/۱۲/۱۹ دا یاساکاری کردووە، ئەم یاسایەی دەرهێنا.

## یاسای ژماره (۱۷)ی ساڵی ۱۹۹۹
## یاسای پارێزەرایەتی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

بەشی یەکەم
«پێناسەکان»

**ماددەی (۱):**

ئەم گوزارشت و زاراوانەی خوارەوە ئەو مانایانە دەبەخشن کە بەرامبەریان نووسراوە:

یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.
دووەم: وەزارەت: وەزارتی دارایی و ئابووری.
سێیەم: سەندیکا: سەندیکای پارێزەرانی کوردستان.
چوارەم: ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی سەندیکای پارێزەرنی کوردستان.
پێنجەم: تۆمار: ئەو تۆمارەیە کە ناوی پارێزەرەکانی بەپێی بەر لەیەکتری (الاقدمیە) تێدا نووسراوە.

شەشەم: بەر لەیەکتری(الاقدمیە): ئەو ماوەیەیە کە پارێزەر پیشەکەی خۆی تێدا بەکردار بەسەربردووە.
حەوتەم: سندووق: مەبەست لە سندووقی خانەنشینی پارێزەرانە.
هەشتەم: لیستە: لیستەیەکە، ساڵانە ئەیارو ئامادە دەکرێ ناوی ئەو پارێزەرانەی تێدا دەنووسرێ کە ئابوونەی ساڵانەیان داوە.

بەشی دووەم
«ئامانجەکانی ئەم یاسایە»

**ماددەی (٢):**

پارێزەرایەتی: ڕەکەزێک لە ڕەکەزەکانی وەدیهێنانی دادوەری چونکە دادکایەکی بەسەربێ و وەستاوەو دەسەبەری مافی پیرۆزی بەرگری لە خۆکردنە، ئەم یاسایە بۆ وەدیهێنانی ئەم ئامانجانەیخوارەوە دانراوە:
یەکەم: لە پاڵپشتی حکومەتی هەرێم و پێڕۆی دیموکراسیدا هاوبەش بێت و پشتی فیدرالیزم بکرێت و بناغەی پتەو بکات و بەرەو باشتری ببات.
دووەم: پیشەی پارێزەرایەتی لە هەرێمدا بەجۆرێ ڕێک بخا کە ببێتە زامنکاری پاراستنی مافی سروشتی و مەعنەویی هەموو کەسێک و سەرەتای بیرڕابەوڕی دەسبالایی یاساو وەدیهێنانی هەق و هەقبیانەت مسۆگەر بکات.
سێیەم: پلەو پایەی سەندیکاکە بەهێز بکا و مافە سەندیکاییەکانی ئەندامەکان بپارێزێ.
چوارەم: ئاست و پلەی پیشەیی و یاسایی و ڕۆشنبیری پاریزەران باڵاتر بکات.
پێنجەم: ئاست و پلەی گوزەران و لایەنی کۆمەڵایەتی بۆ پارێزەران باڵاتر بکا و زەمانەتەکانی خانەنشینی و تەندروستییان بۆ وەدی بێنێ.
شەشەم: بیروخولیای یاسایی دەوڵەمەند بکاو لە پەرەپێدانی یاساکاریشدا هاوبەش بێت.

بەشی سێیەم
«پارێزەرایەتی و مەرجەکانی پارێزەری کردن»
لقی یەکەم ـ «پارێزەری کردن (ممارسە المهنە)»

**ماددەی (٣):**

پارێزەر لەم ڕێگایانەی خوارەوەدا پیشەکەی خۆی لە چوارچێوەی ئەرکی سەرشانی خۆی و پابەندبونی خۆیدا دەخاتەکار:
یەکەم: دەبێتە وەکیلی هەموو کەسێکی «سروشتی و مەعنەوی» بۆ ئەوەی بەرگری لە مافەکانیان بکات.
دووەم: ڕاوێژی یاسایی پێشکەش دەکات و هەموو (عەقدێک) و عەقدەکانی تۆمارکردن و گەڵاڵەکان (اللوائح) و یادداشتەکان و لێکۆڵینەوە یاساییەکان و هەموو عەقدێکی دیکە ڕێک دەخات.

سێیەم: پارێزەر بە سیفەتی ڕاوێژکاری یاسایی بە عەقدێکی مۆرکراو بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە پرس و ڕای یاسیی پێشکەش بە کەرتی تایبەت دەکا.

لقی دووەم ـ «مەرجەکانی پارێزەری کردن»

**ماددەی (٤):**

ئەو کەسەی پارێزەرایەتی دەکا دەبێ ئەم مەرجانەی لێ بێنەدی:

یەکەم: دەبێ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە یاسادا لە یەکێ لە زانکۆکای هەرێمەوە وەرگرتبێ یان بڕوانامەیەکی هاوشانی ئەوەی وەرگرتبێ بە مەرجێ لەم بارەیاندا لە زانستی یاسادا تاقی بکرێتەوەو سەرکەوتن وەدەست بێنێ، بەڵام ئەوانەی هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسی زانکۆکانی عێراقن یان هەڵگری بڕوانامەی باڵای یاسان لە دەرچووانی زانکۆکانی دیکە ئەوانە بەر ئەو تاقیکردنەوەیە ناکەون.

دووەم: دەبێ ناوی لە تۆماری پارێزەراندا نووسرابێ.

سێیەم: دەبێ (ئەهلییەتی) یاسایی هەبێ.

چوارەم: نابێ تەمەنی لە پەنجاو پێنج ساڵ زیاتر بێ، بەڵام ئەگەر لەوە پێش کاری پارێزەرایەتی یا دادوەری یان (ئیدیعای گشتی) کردبێ یاخود تاماوەیەک لە حەوت ساڵ کەمتر نەبێ ئەندامێک بووبێ لە (هەیئەتی) وانەکوتنەوەی ماددەی یاسادا، ئەوە لەم دۆخانەدا ئەگەر تەمەنی لە پەنجاو پێنج ساڵیش زیتر بێ قەیدی نییە.

پێنجەم: نابێ بەهۆی سزای تەمێ کردن (تأدیبی) یا سزای ئینزیباتییەوە ناوی لە تۆمار یا لە لیستەی سەندیکایەکی دیکە سڕدرابێتەوە یان دوورخرابێتەوە، هەروەها ناشبێ لەبەر هۆیەک لەو هۆیانەی دەستپاکی یان ناکاری گشتی لەکەدار دەکەن لە فرمانێکی گشتی یان تایبەت دەرکرابێ.

شەشەم. دەبێ ناوبانگ و ڕەفتاری باش بێ هەروەها دەشبێ شایانی بڕواپێکردن و ڕێزلێکرتنیش بێت چونکە ئەم مەرجانەش بۆ پارێزەرایەتی پێویستن.

حەوتەم: نابێ حوکمێکی جینائیی ناسیاسی یا حوکمی کەتنێکی نابرو بەری بەسەردا دربێ.

هەشتەم: نابێ لە پیشەی پارێزەرایەتی خانەنشین کرابێ.

نۆیەم: نابێ بەهۆی نەخۆشییەکی ئەقلی یا دەروونی یان بەهۆی نەخۆشییەکی گرانەوە لە کاری پارێزەریەتی خستووەو کەڵکی فرمانکوزاریی لێ بڕیوە خانەنشین کرابێ مەگەر بەڕاپۆرتێکی پزیشکی کە لە لیژنەیەکی پزیشکی تایبەتەوە دەرچووبێ و چاکبوونەوەی لەو نەخۆشییە بسەلمێنێ.

**ماددەی (٥):**

هەر پارێزەرێ ناوی لە لیستەی سەندیکایەکی دیکەدا نووسرابێ، مافی ئەوەی هەیە بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی خۆی کە بەرامبەر بەدەسەڵاتەکانی ئەندامی ئەو سەندیکایە هەیەتی، لە بەردەم دادگکانی دیکەی ناوچەکەدا (مورافعە) بکات، بەمەرجێ ئەوانیش

چونیەک ئەم مافەیان هەبێ لەم دۆخەدا دەبێ پێشەکی ڕەزامەندی سەرۆکی سەندیکاکە وەرگیرابێ، یان ڕەزامەندیی وەکیلی سەندیکاکە وەربگیردرێ ئەگەر سەرۆک دیارنەبوو.

**ماددەی (٦):**

یەکەم: ئەندامێتی سەندیکاو ئەم فرمانانەی خوارەوە پێکەوە ناگونجێ و نابێ:
أ ـ فرمانە گشتییەکانی ناو دەوڵەت.
ب ـ خۆتەرخانکردن بۆ بازرگانی یا بۆ پیشەسازی.

دووەم: هەر چەندیشە پارێزەر ناوی لە تۆمارەکەدا ماوەتەوەو (ڕەسم) وناوبوونەی ساڵانەش دەدات بەڵام ناشێ و نابێ شانبەشانی پارێزەرایەتی ئەم فرمانانەی خوارەوەیشی هەبێ:
أ ـ خۆتەرخان کردن بە پاداشتی کرێ بۆ کارکردن لە سەندیکا پیشەییەکاندا.
ب ـ خزمەتگوزاریی سەربازی.

سێیەم: ئەو پارێزەرانەی لە برگە (دووەم)ی ئەم ماددەیەدا باس کراون، ماوەی ئەندامێتییان بۆ مەبەستی کاری بەرلەیەکتری (الاقدمیە) حساب ناکرێ.

**ماددەی (٧):**

ئەگەر هات و پارێزەر مەرجێ لەو مەرجانەی لە ماددە (چوارەم)ی ئەم یاسایەدا هاتووە لە دەست دا، یان کارێک لەو کارانە بکا کە لە ماددەی (شەشەم)دا هاتووە، ئەوە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە ناوی لە تۆمارەکە دووردەخرێتەوە.

**ماددەی (٨):**

یەکەم: ئەو پارێزەرەی لە ئەنجوومەنە گشتییەکان یا لە ئەنجوومەنی یاسادانان یا شارەوانی یا ئیداریدا بووەتە ئەندام بۆی نییەو نابێ لە ماوەی ئەو ئەندامێتییەیداو تا سێ ساتی پاش تەواوبوونی ئەندامیەتەکەشی چ بەناوی خۆیەوە چ لە ڕێگەی هاوبەشەکەیەوە چ لە ڕێگەی هەر پارێزەرێکەوە لە بەرژەوەندی ئەودا ئیش بکا وەکالەت دژ بەو ئەنجوومەنانە وەربگرێ.

دووەم: ئەو پارێزەرەی فرمانێکی گشتی لە دایەرەکانی دەوڵەتدا یا لە کەرتی تێکەڵاودا بەدەستەوەدیە یان بووەتە ڕاوێژکاری یاسایی ئەوان بۆی نییەو نابێ هیچ وەکالەتێ دژ بەو لایەنانەی ئیشی تێدا دەکرد چ بەناوی خۆیەوە چ لە ڕێگەی هاوبەشەکەیەوە چ بەهۆی هەر پارێزەرێکەوە لە بەرژەوەندیی ئەودا ئیش بکا وەربگرێ بەڵام دوای تێپەربوونی سێ ساڵ بەسەر پچڕاندنی پەیوەندیی خۆی لەو لایەنانە ئیدی مافی خۆیەتی.

**ماددەی (٩):**

پارێزەرێ کە دوای دەست هەڵگرتنی لە دادوەری پارێزەرایەتی دەکات نابێ ئەمانەی خوارەوە بکات:

یەکەم: تا ماوەی سێ ساڵ بەسەر لە دادوەری دەستبەردانیدا تێنەپەرێ چ خۆی چ لە ڕێی هاوبەشەکەی چ لە ڕێی هەر پارێزەرێکی دیکەوە کە لە بەرژەوەندیی ئەو ئیش دەکات، مورافەعە لە بەردەم دادگایەکدا بکا سەر بەو ناوچەی

تێـهـەڵچـوونەوەیە بێت کـە خـۆی لـەوەوپێش لەوێدا دادوەر یا ئەندامی (ئیدیعای کشتی) بووە.

دووەم: چ خــۆی چ لە ڕێی هاوبەشــەکــەیەوە چ لە ڕێی هەر پارێزەرێکەوە لە بەرژەوەندی ئەو ئیش بکا (مورافەعە) لە داوایەکدا بکات کە لەوەوپێش خرابووبێتە بەردەمی یان ڕای خۆی تێدادەربڕیبووبێ.

**ماددەی (١٠):**

هەر پارێزەرێ، خۆی لە مەسەلەیەکدا (محکم) یا شارەزا یا شاهێد بووبێ بۆی نییەو نابێ نەخۆی نە لە ڕێی هاوبەشەکەیەوە نە لە ڕێی هەر پارێزەرێکی دیکەوە لەبەرژەوەندی ئەودا ئیش بکات وەکالەت لەو مەسەلەیەدا وەربگرێ.

بەشی چوارەم

تۆمارکردن و پلەداری و دەسەڵاتەکان

لقی یەکەم ـ «تۆماری پارێزەران»

**ماددەی (١١):**

تۆماری پارێزەران بەپێی ناونووسران و بەر لەیەکتری (الاقدمیە) لەم ناوانەی خوارەوە پێک دێت:

١ـ ناوی پارێزەرە ڕاوێژپێکراوەکان.

٢ـ ناوی پارێزەرە کاراکان (الممارسون).

٣ـ ناوی پارێزەرە مەشقکارەکان (المتمرنین).

**ماددەی (١٢):**

یەکـەم: بۆ ناونووسین لە تۆمـاری پارێزەراندا دەبێ پارێزەر سکاڵایەک بدات بە ئەنجوومەنی سەندیکاو، بەپێی ئەم یاسایە دەبێ ئەو بەڵگەنامانەشی لە تەکدا بێ کە فەراهەمکردنی مەرجەکان دەسەلمێنێ.

دووەم: ئەنجوومەنی سەندیکا ئەو سکاڵایە بەڕەزامەندی وەردەگرێ یا بە بڕیارێکی هۆدیاریکراو (قرار مسبب) دەیداتە دواوە.

سێیەم: ئەگەر ئەنجوومەنەکە لەبەر چەند هۆیەکی زەروور سەیرکردنی سکاڵاکەی دواخست کە ئەم دواخستنەش تەنها بۆ یەک جار دەبێ ئەوە ئەو کاتە پێویستــە لەســەری لە مــاوەی(١٥) پازدە ڕۆژدا کــە لە دووەم ڕۆژی تۆمــارکــردنی سکاڵاکــەوە دەست پێ دەکـا ســەیری سکاڵاکــە بکات و بیبڕێنێتەوە.

چوارەم: ئەگەر هات و ئەو ماوەیەی لە بڕگە سێیەمی ئەم ماددەیەدا کە لە دووەم ڕۆژی سکاڵادانەکەوە دەست پێدەکات تێپەڕی و ئەنجوومەنەکە لەو ماوەیەدا نە بڕیارێکی ڕەزامەندیی دەرهێناو نەدواشی خست ئەوە ئەو کاتە خاوەن سکاڵاکە بە تۆمارکراو دادەنرێ.

پێنجەم: بڕیاری ڕەزامەندیش یان نارەزایی لەسەر سکالکە دوای دەرهێنانی دەدرێ بە خاوەن سکاڵاکە ئەمیش بۆی هەیە ئەگەر سکاڵاکەی درابێتە دواوە لە

بەردەمی دادگای پێداچوونەوە (تمییز)ی هەرێمدا لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژدا کە لە ڕۆژی لێ ئاگادارکردنەکەوە دەست پێدەکا تانەی لێ بکرێ بڕیاری ئەم دادگایەش کۆتاییە.

شەشەم: ئەو پارێزەرەی بۆ یەکەم جار ناوی لە تۆماری پارێزەراندا دەنووسرێ پێویستە لەسەری لە بەردەمی دادگای تێهەڵچوونەوەدا (الاستئناف) ئەم سوێندە بخوات: (سوێندبێ بە یەزدانی گەورە، کە بە دەستپاکی و بە دڵسۆزی پارێزەریەتی بکەم و ڕێز لە یاسا بکرم و نهێنیی ئەم پیشەیە بپارێزم و نەریت و داب و دەستووری لەبەرچاو بکرم).

حەوتەم: ئەگەر ئەنجوومەن بۆی دەرکەوت کە مەرجێ لەو مەرجانەی خاوەن سکاڵاکە پشتی پێ بەستووەراست دەرنەچوو ئەوە ئەو کاتە پێویستە دووبارە بە بڕیارەکەیدا بچێتەوە بڕیارە تازەکەش بۆ ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ کە لە ڕۆژی ئاگادارکردنی داواکارەکەوە دەست پێ دەکا پێداچوونەوە (تمییز)ی بۆ هەیە.

هەشتەم: ئەگەر پارێزەرێ مەرجێ لەو مەرجانەی پارێزەرایەتی کردن کە دەقەکانیان لە ماددەی چوارەمی ئەم یاسایەدا هاتووە لەدەست چوو ئەوە ئەو کاتە ئەنجوومەن بە بڕیارێک ناوی لە تۆماری پارێزەرایەتی لادەبات.

**ماددەی (١٣):**

یەکەم: ئەگەر پارێزەرێ ئابوونەو (رسومی) بڕیار لەسەر دراوی ساڵانەی لە ماوەی مانگی کانوونی دووەمدا نەدابێ ئەوە ناوی لە لیستی ساڵانەدا تۆمار ناکرێ بەڵام ئەگەر پاشان دای ئەوە دەبێ (٥٠ ٪) لەسەدا پەنجای هەر ئابوونەیەکیش کە قەرزارە دوای تێپەڕبوونی ئەو ماوەیە بخاتە سەری و بیدا جا دووبارە ناوی سەر لەنوێ لە لیستەکەدا دەنووسرێتەوە.

دووەم: ئەگەر هات و پارێزەر بەهەر هۆیەکەوە بێ ئابوونەو رسومی بڕیار لەسەر دراوی دوو ساڵی یەک لەدوای یەک دواخست و نەیدا ئەوە ئەو کاتە وا لە قەڵەم دەدرێ کە ناوی لە تۆماری پارێزەران دوور خراوەتەوەو ئەو ماوەیەشی بۆ مەبەستی پارێزەرایەتی و بەر لەیەکتری (الاقدمیە) بۆ حساب ناکرێ خۆ ئەگەر ویستیشی دووبارە بگەڕێتەوە سەر پارێزەریەتییەکەیخۆی ئەوە دەبێ بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە سەر لەنوێ سکاڵایەک بنووسێ داوای دووبارە ناونووسینی خۆ لە تۆماری پارێزەراندا بکات جا ئەو کاتە ئابوونەو رسومی ئەوە ساڵانەشی کە نەیداوە دەکەوێتە ئەستۆ و ئەو زیادەیەش کە لە بڕگە (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە دەبێ بدات لێرەدا دەبێ مەرجەکانی حوکمی ماددەی (٤ و ٦ و ٧)ی ئەم یاسایەش لەبەر چاو بگیرێ.

**ماددەی (١٤):**

یەکەم: ئەوەی ناوی لە تۆماری پارێزەران دوورخرابێتەوە هەتا دووبارە ناوی لەو تۆمارەدا ئەنووسرێتەوەو هەموو ئابوونەو رسومی بڕیار لەسەردراوی ئەو ساڵانەش ئەدا کە نەیداوە نابێ هیچ جۆرە ئیشێکی پارێزەرایەتی بکات.

دووەم: پارێزەری کردن بە پێچەوانەی حوکمەکانی بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە بکرێ بە فروفێڵی ناوی پارێزەر لە خۆنان (انتحال صفه المحامی) لە قەڵەم دەدرێ لەم دۆخەدا پێویستە لەسەر ئەنجوومەنی پارێزەران دەعوایەکی سزایی بەپێی یاسا کارپێکراوەکان دژ بەو ناوی پارێزەر لەخۆنەرە بخاتەکەر.

سێیەم: پارێزەر ئەو تاوانەی لە بڕگە (دووەم)ی ئەم ماددەیەدا کوتراوە بەسەریدا ساغ بووبێتەوەو حوکمێکی سزایی دەرهەق بەسەردادرابێ و بڕدرابێتەوە نابێ سەر لەنوێ لە سەندیکادا وەربگیرێتەوە.

**ماددە (١٥):**

ئەنجوومەن بە (موصادەقەکردنی) هەیئەتی گشتی بۆی هەیە پێڕۆیێ دەرهێنێ ڕەسمی نازنووسین و بەرفراوانکردنی دەسەڵات و ئابوونەی ساڵانەو غەرامەو مزەی بیمەکردنی تەندروستی (بدل التأمین الصحی) و ڕەسم و ئابوونەی دیکەی تێدا دیاری بکا.

## لقی دووەم ـ (پلە بە پلەو دەسەڵاتەکان)

**ماددە (١٦):**

ئەو کەسەی یەکەم جار ناوی لە تۆماری پارێزەراندا بە پارێزەر دەنووسرێ پلە بە پلە بەپێی ئەم ڕێساپانەی خوارەوە سەردەکەوێ:

یەکەم: بۆ ماوەی (٣) سێ ساڵ لە نووسینگەی پارێزەرێکی ڕاوێژکار یا لەلای پارێزەرێکی کارا ماوەی پارێزەری کردنی لە (٥)پێنج ساڵ کەمتر نەبێ، دەبێتە ڕاهێنراو لەسەر کاروباری ڕاستەقینەی پارێزەرابەتی، لەو ماوەیەدا لەژێر چاودێری مەشق پێکەرەکەیدا ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی دەبێت:

١ـ وەکالەت لەم و لەو لەدەعوای مەدەنی و ناکۆکیی دادوەریدا کە نرخی لە (٥٠٠) پێنج سەد دینار زیاتر نەبێ، وەردەگرێ.

٢ـ وەکالەت لە دەعوای کەسەکی و دەعوای موڵکدار کردندا نرخی هەر چەندێک بێ، وەردەگرێ.

٣ـ وەکالەت لە هەموو دەعوایەکی کەتن (جونحە)دا وەردەگرێ و لە لێتوژینەوەکانیدا نامادە دەبێ و ڕێگاکانی تانووت لێدانیش لەو بڕیارو حوکمانەی کە دەربارەیان دەرهێنراون دەخاتە گەر.

٤ـ وەکالەت دەربارەی موعامەلە یاساییەکان لە دایەرەکان وسەرچاوە ئیدارییەکان و لیژنەکان و ئەنجوومەنە ڕەسمی و نیمچە ڕەسمییەکان وەردەگرێ.

٥ـ دوو بەدوو لەگەڵ پارێزەرەکەی کە مەشقی پێ دەکات لەدەعوا مەدەنییەکاندا نرخی هەر چەندێک بێ و لە جینایەتەکانیشدا مورافەعەدەکاو ڕێگاکانی تانەلێدانیش دەخاتەکار.

دووەم: ئەوەی ئەو ماوەی ڕاهاتنە بە مەرجەکانییەوە ببڕێ ئەوە دەبێتە کارا (ممارس) و ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی دەبێ:

١- هەموو ئەو دەسەڵاتانەی دەبێ کە لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە.
٢- لە هەموو دەعوایەکی مەدەنی و سزایی و کارو دەعواکانی ئابالغاندا (الاحداث) وەکالەت وەردەگرێ و ڕێکاکانی تانووت لێدانیشیان لێ دەخاتە کار.
٣- بە سیفەتی ڕاوێژکاری یاسایی بە گرێ بەندی لەگەڵ کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت یا لەگەڵ هەر پڕۆژەیەکی پیشەسازی یا بازرگانی یا کشتوکاڵی یا لەگەڵ نووسینگەکنی بەڵێنداری و پەیمانداریی زانستی و هونەری و بازرگانیدا کە سەرمایەکەی لە (٢٥٠) دوو سەدو پەنجا هەزار دینار زیاتر نەبێ، ڕێک دەکەوێ.
٤- گرێبەندی دامەزراندنی کۆمپانیا نیشتمانییەکان ڕێک دەخات و بەپێی حوکمەکانی یاسا تۆماریان دەکا.
٥- ڕاوێژی یاسایی پێشکەش دەکا.

سێیەم: پارێزەرێ سێ ساڵ لە پارێزەرایەتی دا کارا بووبێ و لێکۆڵینەوەیەکی یاسایی پێشکەش بە ئەنجوومەن کردبێ و سەرکەوتنی تێدا وەدەست هێنابێ ئەوە دەبێتە ڕاوێژکارو ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی دەبێت:
١- هەموو ئەو دەسەڵاتانەی دەقەکانیان لەم یاسایەدا هەیە.
٢- پڕۆژەی یاساو پێڕۆ و ڕێنمایی بۆ دایەرە ڕەسمییەکان و نیمچە ڕەسمییەکان و کۆمەڵە کۆمپانیاکان لەسەر داواکردنیان بە گرێبەندێکی مۆرکراو ئامادە دەکا.
٣- لەگەڵ ئەو لایەنانەی لە (دووەم/٣)ی سەرەوەدا هاتووە سەرمایەکانیان هەر چەند بێ پێکهاتن گرێ دەدا.
٤- کۆمپانیا بیانییەکان یا ئەو لقانەیان کە لەهەرێمدا کەوتوونەتە کەر تۆمار دەکا.

**ماددەی (١٧):**

یەکەم: پارێزەر پلە پلە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دی بە سکاڵایەکی نووسراو کە بڕیارێکی ئەنجوومەنی سەندیکای پێوەبێ، بەپێی مەرج و زەبتێ کە ئەم یاسایە ڕێکی دەخاو بەپێی ئەو ڕێنماییانەش کە دەربارەیان دەرهێنراوە دەڕوات.
دووەم: ئەنجوومەنی سەندیکا بۆی هەیە ئەو ماددانەی لە بڕگەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەم)ی ماددە (١٦)ی ئەم یاسایەدا دیاری کراون درێژتر بکاتەوە بەمەرجێ ئەو درێژکردنەوەیە بۆ هەر قۆناغێ لە سێ ساڵ زیاتر نەبێ و هۆیەکانیشی پیشانبدرێ.

**ماددەی (١٨):**

ئەگەر پارێزەرێ لە قۆناغی ڕاهاتندا پارێزەرێکی دەست نەکەوت ڕایبێنێ یان دەستی کەوت و لێی دابڕا ئەوە دەبێ لە ماوەی سی ڕۆژدا کە لە ڕۆژی ناونووسینی یا لێدابڕانییەوە حساب دەکرێ سەندیکای لێ ئاگادار بکا ئەوجا ئەو ماوەی لە ماددە (١٦)/یەکەم دا هاتووە بۆ پێنج ساڵ درێژ دەکرێتەوە.

## بەشی پێنجەم
## مافەکان و ئەرکەکانی پارێزەر
## لقی یەکەم ـ حوکمە گشتییەکان

**مادده (١٩):**

یەکەم: پێویستە پارێزەر لەلای دادگاکان و دەسەڵاتبەدەستانی لێتوێژینەوەو دایەرەکانی دەوڵەت و بەرژەوەندکەکانی میری و کەرتی تێکەڵاو و مەرجەعەکانی دیکە رێزو بە ئەنگەوەبوونێکی ئەوتۆی هەبێ شیاوی پلەو پایەی پارێزەرایەتی بێت و پێویستە لەسەریشیان هەموو کارئاسانییەکی زەرووڕو بەوێڵیش (الاصولیه) کە بۆ پیادەکردنی ئەرکی پارێزەری پێویستن بخەنە بەردەستی و نابێ داواکارییە نووسراوەکانیشی پشت گوێ بخەن.

دووەم: پێویستە لەسەر ئەو لایەنانەی لە بڕگە (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا ناوهێنراون تەنها دادگاکان و لایەنە دادوەرییەکان نەبێ لە ماوەی (دە) رۆژدا سەیری داواکارییە نووسراوەکانی پارێزەر بکەن و بیبڕنەوە ئەو ماوەیەش لەو رۆژەوە دەست پێ دەکا کە داواکارییەکەیان لێ وەرگرتووەو تۆماریان کردووە، خۆ ئەگەر هات و لەو ماوەیەدا نەکرا ئەوا ئەو کاتە پارێزەرەکە دەبێ سەندیکای لێ ئاگادار بکاتەوە.

**ماددەی (٢٠):**

یەکەم: پێویستە لەسەر دادگاکان و ئەنجومەنەکان و هەموو هەیئەت و دەسەڵات و مەرجەعەکانی دیکەش رێگا بە پارێزەر بدەن فایلی دەعواو پەڕەو کاغەزی لێتوێژینەوە یا هەر پەڕەو کاغەزێکی دیکە بخوێنێتەوەو هەر شتێ پەیوەندیی بەو مەسەلەیەوە هەیە کە خۆی دەیەوێ ـ لەسەر بە نوسین ڕەزامەندبوونی پێشەکی وەکیلدانەرەکە سەیری بکاو لێی ئاگادار بێ.

دووەم: ئەو لایەنانەی لە بڕگە (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا ناوهێنراون پێویستە لەسەریان رازی بن پارێزەرەکە لە لێکۆڵینەوەی سەرەتایی و دادکایی یا هەر (ئێجرا)یەکدا کە یاسا بڕیاری لەسەر دەدات ئامادەبێ و پێویستە ئەو ئامادەبوونەش لە پەڕەو کاغەزەکاندا بنووسرێ، هەروەها پێویستیشە لەسەر ئەو لایەنانە پارێزەرەکە ئاگادار بکەن کە لە کاتی هەر (ئیجرایەکدا) دەرهەق بە وەکیلدانەرەکە دەکرێ ئامادە بێ.

**ماددەی (٢١):**

یەکەم: هەر فەمانبەرێ یا هەر کەسێ خزمەتێکی گشتی پێ سپێردرابێ، بە ئەنقەست مافێ لە مافەکانی پارێزەر کە دەقەکانیان لەم یاسایەدا هاتووە، لە کاتی پارێزەریکردندا پێشێل بکا یا نەیەڵێ پارێزەرایەتی خۆی بکا ئەوە بەپێچەوانەکاری ئەرکی فرمانەکەی خۆ لە قەڵەم دەدرێ و ئەو حوکمانەی یاسای سزادانی بەسەردا دەسەپێنرێ کە تایبەتن بە فەرمانبەرو خزمەتی

کشتی پێ سپێردراوی لە ئەرکی خۆلادەر.
دووەم: دەرهەق بەو لە فرمان لادانانەی لە برکە (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا کوتراوە، لەلای دادکەری تایبەتی لێتوژینەوە شکات دەکرێ بە مەرجێ دەستبەجێ سەندیکای لێ ئاکادار بکرێ.

**ماددەی (٢٢):**

هەر دەست درێژییەک بکرێتە سەر پارێزەر لەکاتی پیادەکردنی پیشەی پارێزەریدا یا بەهۆی ئەوەوە ئەوە دەست درێژکارەکە هەروەکو دەستدرێژیی کردبێتە سەر دادکەرێ لە کاتێ پیادەکردنی فرمانکەی یا بە هۆی ئەوەوە سزای هاوشێوەی ئەمەی بەسەردان دەدرێ.

**ماددەی (٢٣):**

هەر شکاتێ دژ بە پارێزەرێ بکرێ دەبێ ڕەزامەندیی سەندیکا وەربگیردرێ بەتەنها لە دۆخی تاوانی بە چاوبینراودا نەبێ بەبێ ڕەزامەندبوونی سەندیکاش نابێ نە لێپرسینەوە (استجواب) نە لێتوژینەوە نە حەوالەکردنی بۆ دادکای تایبەت دەرهەق بکرێ و پێویستیشە لەسەر سەرۆکی سەندیکا یا جێکرەکەی لەو پرسینەوە یا لێتوژینەوە یان دادکاکردنەدا ئامادە بێت.

**ماددەی (٢٤):**

پارێزەری خانەنشین بۆی هەیە بەم وەکالەتانەی خوارەوە لە بەردەم دادکادا مورافەعە بکات:
یەکەم: وەکالەت لە ژنی خۆیەوە یا لە یەکێ لە ئەوەو وەچەی خۆیەوە.
دووەم: بەپێی (وصایە یان قەیمومە) لە بری خزمەکانی تا پلەی چواردەمی خزمایەتی.
سێیەم: بەپێی (وصایە یان تەولیبە)ی کارپێکراو.

لقی دووەم - (ڕاوێژی یاسایی)

**ماددەی (٢٥):**

یەکەم: پێویستە لەسەر کۆمپانیا بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵی و خزمەتگوزاری یا وەبەرهێنە نیشتمانییەکان چ پشکداری بن چ خاوەن لێپرسراوییەکی سنووردار کە سەرمایەکەیان لە (٢٥٠) دوو سەدو پەنجا هەزار دینار کەمتر نییەو پێویستیشە لەسەر ئەو کۆمپانیا بیانییانەش کە لە هەرێمدا کاردەکەن یان لقیان لە هەرێمدا هەیە کە لەکەڵ پارێزەرێکی ڕاوێژکار یان کارا یان زیاتردا کرێدانێک ببەستن تا ڕاوێژکارییان بۆ بکرێ.
دووەم: ئەو لایەنانەی لە حوکمەکانی برکەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە دوادەکەون، ئەوە چەند دوا بکەون ڕۆژی (٥٠) دینار غەرامە دەکرێن.
سێیەم: پارێزەر نابێ کرێدانێک لەکەڵ زیاتر لە دوو کۆمپانیای نیشتمانی، یان لەکەڵ زیاتر لەیەک کۆمپانیای بیانی بە مەبەستی ئەوەی کە لە برکە

(یەکەم)ی سەرەوەدا دیاری کراوە کرێ بدات.

چوارەم: کەسێ لەگەڵ پارێزەرێکی ڕاوێژکاردا کرێداریەکی کردبێ دەبێ (١٠٪) لە مزەی ڕاوێژکردنە یاساییەکەی کل بداتەوەو بینێرێ بۆ سەندیکا تا وەک داهاتێکی سەندیکا تۆمار بکرێ.

پێنجەم: پارێزەر بە کرێکار لەگەڵ ئەو لایەنانەدا کە لە بڕگەی (یەکەم)دا ناوبراون لە قەڵەم دەدەرێ لەو ڕۆژەوەی کە کرێکارییەکە لەلایەن سەندیکاوە (تەسدیق) کراوە.

**ماددەی (٢٦):**

یەکەم: هیچ کۆمپانیایەکی پیشەسازی یا بازرگانی یا کشتوکاڵی یا وەبەرهێنەکی نیشتمانیی بێت یان بیانی نابێ تۆمار بکرێ تا کرێدانی دامەزرانەکەی بەلانی لەلایەن پارێزەرێکی کاراوە ڕێک نەخرابێ.

دووەم: پارێزەرێ نابێ وەکالەت لە دوو کۆمپانیای نیشتمانیی زیاتر یا زیاتر لە یەک کۆمپانیای بیانی وەربگرێ.

سێیەم: پارێزەرێ نابێ لە ماوەی یەک ساڵدا زیاتر لە سێ کۆمپانیای نیشتمانیی یا زیاتر لەیەک کۆمپانیای بیانی تۆمار بکات.

لقی سێیەم ـ (دەستخۆشانەی پارێزەرایەتی)

**ماددەی (٢٧):**

پارێزەر ئەو کارانەی پێی سپێردراوە کە دەیانکا مافی دەستخۆشانەی خۆی هەیە ئەوە ڕاوێژکاریی یاساییش دەگرێتەوە.

**ماددەی (٢٨):**

یەکەم: پارێزەر بەپێی پێکهاتنی کە لەگەڵ وەکیلدانەرەکەیدا دەیکا مافی دەستخۆشانەی خۆی هەیە بە مەرجێ لە غەیری دەعوا سزاییەکاندا لە ڕێژەی (٢٠٪) لەسەدا بیستی بەهای ئەرکی ئەو دەعوایە زیاتر نەبێ، بەلام ئەگەر مەبەست لە دەعواکە یا ئەو حوکمەی دەرهەق بەو دەعوایە دەدرێ وەدەست هێنانی کەلک و سوودێکی پتر بێ لەوەی کە لە دەعواکەدا هەیە ئەوا لەو بارەدا پارێزەرەکە بەپێی ئەو زیادبوونە مافی دەستخۆشانەی خۆی لە کۆ (مجموع)ی مەبلەغەکەدا دەبێ.

دووەم: حوکمی بڕگە (یەکەم)ی ئەم ماددەیەی لێ دەرچێ دەنا لە بەهای موڵکدارکردنی حوکمی لەسەر درابێ یا لە بەهای بیمەکردنی زۆرەملێ یان بیمەکردنی بەخوایشت مەبلەغەکەی درابێ یا حوکمی بەسەردا دەرچووبێ یا لەبەهای بەشەکانی کەسێ داوای ئەهێشتنی بەش بەشەکێی (ازالە الشیوع) کردبێ، نابێ دەستخۆشانەی پارێزەر کە لەسەری پێکهاتبن لە ڕێژەی (١٠٪) دە لەسەد تێپەڕێ.

**ماددەی (٢٩):**

ئەگەر ئەو کارەی پێکهاتنی لەسەرکراوە کاری دیکەی لێ پەیدابوو لە کاتی پێکهاتنەکەدا بەبیری کەسدا نەدەهات ئەوا پارێزەرەکە بۆی هەیە داوای دەستخۆشانەی ئەوەش بکات.

**ماددەی (٣٠):**

ئەگەر پارێزەر دەعواکەی لە ڕێگەی سوڵح کردن یا (تحکیم)ەوە تەواوکرد یان بەپێی سەرپشکبوونی ئەگەر لەوەکالەتەکەدا کرابێ دەعواکە بە ئەنجام بگەیێنێ ئەوە مافی دەستخۆشانەی تەواوی خۆ هەیە مەگەر دەقی پێکهاتنەکە وەها نەبێ.

**ماددەی (٣١):**

ئەگەر دەستخۆشانەی پارێزەر بە پێکهاتنێکی تایبەتی دیاری نەکرابێ ئەو کاتە وەک کرێی هاوشێوەی ئەو دەعوایە دیاری دەکرێ.

**ماددەی (٣٢):**

یەکەم: ئەگەر هات و وەکیلدانەرەکە پارێزەرەکەی خۆی بەبێ هۆیەکی ماقووڵ لێخست و پارێزەرەکە دەستی بە ئیشەکە کردبوو ئەوا ئەو کاتە هەروەکو کارەکەی لە بەرژەوەندیی ئەودا بە ئەنجام گەیاندبێ دەستخۆشانەی تەواوی دەکەوێتە ئەستۆ و دەبێ بیداتێ بەڵام ئەگەر بەر لەدەست پێکردن پارێزەرەکەی لێخست ئەوا لەو بارەدا پارێزەرەکە مافی دەستخۆشانەی هاوشێوەی هەیە لە کوێرەی ئەو کۆششەی کە بەخەرجی داوە.

دووەم: بۆ ئەوەی حوکمەکانی بڕگە (یەکەم)ی ئەم ماددەیە بە ئاسانی پیادە بکرێ مەبەست لە دەست پێکردنی کار ئەوەیە کە پارێزەرەکە دەعواکەی تۆمار کردبێ یا لە مورافەعەکەدا ئامادەبووبێ یا بەوەکالەتی وەکیلدانەرەکە سکاڵایەکی بەلایەنێکی ڕەسمی پەیوەندیی بە دەعواکەوە بێ پێشکەش کردبێ.

**ماددەی (٣٣):**

ئەگەر پارێزەرێ بەهۆیەکی ماقووڵ دەستی لە وەکالەت بەرداو لە ماوەیەکی گونجاودا ئینزارێکی نووسراوی دا بە وەکیلدانەرەکە یان ئەگەر پارێزەرەکە بەر لە تەواوکردنی ئەو کارەی پێی سپێردراوە مرد یان ئەگەر وەکیلدانەرەکە خۆ مردو میراتگرەکانی ڕازی نەبوون پارێزەرەکە لەسەر کارەکە بڕوات ئەوە لەو دۆخانەدا پارێزەرەکە یان میراتگرەکانی بەپێی ئەحواڵ لەبەر ڕۆشنیایی حوکمەکانی پێکهاتنەکە مافی دەستخۆشانەی هاوتای ئەو کۆششەی خۆی هەیە کە بەتەواوی بەخەرجی داوەو دەبێ حوکمەکانی ئەم یاسایەش لەبەرچاو بگیرێ.

**ماددەی (٣٤):**

هەر ناکۆکییەک لەسەر دەستخۆشانەی پارێزەرایەتی ڕوویدات دەخرێتە بەردەم ئەو دادگا تایبەکارەی کە نووسینگەی پارێزەرەکە لە سنووریدایە یان دەخرێتە بەردەم ئەم دادگایەی دەعوای وەکالەتەکەی یەکلایی کردووەتەوە بەڵام ئەگەر پارێزەرو وەکیلدانەرەکە بە نووسین لەسەر ئەوە پێکهاتبن کە سەندیکا بۆیان ساغ بکاتەوە ئەوا لەم بارەدا بڕیاری نیقابە هەڵوەشانەوەی بۆ نییە.

**ماددەی (٣٥):**

دادکا بەپێی ئەمانەی خوارەوە حوکمی خۆی دەربارەی دەستخۆشانەی پارێزەرایەتی دەردەهێنێ:

١ـ بەرێژەی (١٠٪) لە بەهای حوکم پێ دراوەکە بە مەرجێ لە (٥٠٠٠) پێنج هەزار دینار زیاتر نەبێ.

٢ـ بەرێژەی (٥٪) لە بەهای موڵکدارکردن بە مەرجێ لە (٣٠٠٠) سێ هەزار دینار زیاتر نەبێ.

٣ـ لە (٣٠٠) سێ سەد دینار کەمتر نەبێ و لە (١٥٠٠)هەزارو پێنج سەد دیناریش پتر نەبێ لە دەعواکانی بەختوکردنی کۆرپەو موشاهەدەدا کە دەستخۆشانەی پارێزەرایەتی لەوانەدا لە (١٠٠) سەد دینار کەمتر نابێ و لە (٢٠٠) دوو سەد دیناریش تێناپەڕێ.

٤ـ لە دەعواکانی دادکایی بە پەلەو (وەلائی)دا دەستخۆشانەی پارێزەر لە (٢٥٠) دوو سەدو پەنجا دینار کەمتر نییەو ناشبێ لە (١٠٠٠) هەزار دینار تێپەڕێ.

**ماددەی (٣٦):**

یەکەم: پارێزەرێ کە نێردرابێ بەرکری لە تاوانبارێ لە جینایات یان لە دادکایی نابالغەکاندا بکات کە ئەو تاوانبارە وەکیلی بۆ خۆی دانەنابێ ئەوە دادکاکە حوکمی دەستخۆشانە بۆ ئەو پارێزەرە دەردەهێنێ کە لە (٢٥٠) دوو سەدو پەنجا دینار کەمتر نییەو لە (٥٠٠) پێنج سەد دیناریش تێ ناپەڕێ و ئەکەوێتە ئەستۆی خزێنەی میری.

دووەم: پارێزەرێ دادکایەک پارێزەرایەتییەکی پێ بسپێرێ نابێ ئەیکا مەگەر مەعزەرەتێکی ماقووڵ بۆ دادکاکە بهێنێتەوە.

**ماددەی (٣٧):**

یەکەم: پارێزەر لەو ماڵ و داراییەدا کە لە دەعوایەکدا یان لە کارێکدا وەکالەتی بۆ کراوە کە بۆ وەکیلدانەرەکە مسۆگەری دەکا مافی دەستخۆشانەی مومتازی پلەی یەکەمی هەیە.

دووەم: دەستخۆشانەی پارێزەرایەتی لە (ئیعلامەکان) و بڕیاردکاندا کە حوکمی بۆ دەرچووبێ مافی مومتازی دەکەوێتە سەرو بە پارێزەری وەکیل یا بە پارێزەری نێردراو یان بەو پارێزەرە دەدرێ کە وەکالەتێکی تەسدیق کراوی هەبێ سا لە دادکاکان یا دابەرە ڕەسمییەکان یا کۆمپانیاکان یا بانقەکان یا دابەرەکانی تەنفیزەوە بێت دەستێشی بەسەردا ناگیرێ مەگەر بۆ دانەوەی قەرزی میری یان بۆ نەفەقەی شەرعی.

**ماددەی (٣٨):**

ئەگەر پێکهاتێکی نووسراو لە نێوان پارێزەرو وەکیلدانەرەکەدا نەبێ ئەوە دوای سێ ساڵ لە ڕۆژی کۆتایی هاتنی ئەو کاردی کە پێی سپێردراوە ئیدی پارێزەرەکە مافی دەستخۆشانەکەی دەسووتێ و ناتوانێ داوای بکات مەگەر هۆیەک هەبێ ڕێگای داواکردنەکەی لێ کرتبێ.

هەرچی ئەو دەستخۆشانەیەشە کە بە نووسین لەسەری پێکهاتبن ئەوە مافی

داواکردنەوەکەی دوای پازدە ساڵ کە لە ڕۆژی ڕەوابوونییەوە دەست پێ دەکا نیدی دەسووتێ و نایکەوێ.

**مادده (٣٩):**

یەکەم: پارێزەر بۆی هەیە بە کرێدانێکی نووسراو کە سەندیکا تەسدیقی بکا لەگەڵ وەکیلدانەرەکەیدا پێک بێت.

دووەم: ئەگەر وەکیلدانەرەکە دەستخۆشانەی وەکیلەکەی خۆی نەدا ئەوا پارێزەرە وەکیلەکە بۆی هەیە قۆچانی (سند) پێکهاتنە نووسراوەکە کە مەرجەکانی بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەی تێدا فەراهەمە، بدات بە دایەرەی (تەنفیز) و داوای دەستخۆشانەکەی خۆی بکات ئەوجا پێویستە لەسەر ئەم دایەرەیە هەمان ئەو ئیجراناتە بخاتە کار کە لە کاتی تەنفیزکردنی ئەو بڕیارانەی پلەی کۆتاییان وەرگرتووە یان بۆ ئەو قۆچانانەی کە یارای تەنفیز کردنن و دایەرەی (کاتب العدل) تەسدیقی کردووە خستوویەتییە کار.

## لقی چوارەم
## ئەرکەکانی سەرشانی پارێزەر

ماددەی (٤٠):

پێویستە پارێزەر لە ڕەوت و هەڵس و کەوتیدا خۆی بە بنەماکانی پیشەکەی ببەستێتەوە و ئەرکەکانی پارێزەری وەک لەم یاسایەدا هاتوون بەدەستپاکی و دڵسۆزی ئەنجام بدات ئەوەی داب و نەریتی پیشەکەی لەسەری فەرزکردووە لێی لانەدات.

ماددەی (٤١):

نابێ پارێزەر ئەمانەی خوارەوە بکات:

یەکەم: ناوی خۆی لە کەس بنێت.

دووەم: هەموو یا هەندێ لەو مافانەی ناکۆکییان لەسەرە و خراونە بەردەم داداکا خۆی وەکالەتی بۆ وەرگرتووە بکات.

سێیەم: خۆی یان بەهۆی هاوبەشە پارێزەرەکەیەوە یان هەر کەسێکی دیکە بەشداریی لە موزایەدەدا بکات لە بەردەم دادگاکان و لایەنە دادوەرییەکانی دیکە کە خۆی تێدا وەکیل بێ.

چوارەم: مامەڵەت کردن لەگەڵ موەکیلەکەی بۆ ئەوەی ماندووبوونەکەی ببێتە بەشێک لەو مافە عەینییەی کە ناکۆکی لەسەرە.

پێنجەم: لە پشت نووسینی قەواڵەکان (تظهیر السندات) بەناوی خۆی بکات بەمەبەستی ئیدیعا کردنی بەبێ ئەوەی وەکالەتی هەبێت.

**ماددەی (٤٢):**

یەکەم: نابێ پارێزەر ئەو نهێنییە ئاشکرا بکات کە پێی سپێردرا بێ لە ڕێگەی پیشەکەیەوە هەر چەندە وەکالەتەکەشی تەواو بووبێ تەنیا مەگەر بۆ ئەوەبێ

کــە تاوانێک لە بەردەم لایەنی دەســـەڵاتدار ئاشکرا بکات و ئەوەی زەرەرمــەند بووە مــافی ئەوەی هەیە داوای قــەرەبووی بڵاوکــردنەوەی ئەو نهێنییە لە بەردەم دادگاکان بکات.

دووەم: پارێزەر لە ناکۆکییەکدا لەسەر داواکردنی دەسەڵاتێکی دادوەری نەبێت و ڕەزامەندیی موەکیلی لەسەر نەبێت کە نهێنییەکەی بۆ ئاشکرا کردووە نابێ هیچ شایەدییەک بدات.

سێیەم: پارێزەر کە لە دەعوایەکدا بە وەکیل دادەنرێ نابێ نە لە کاتی وەکالەتەکەی و نە لە دوای لێ خسـتنی لەو وەکالەتەی شایەدی لە دژی موەکیلەکەی بدات.

چوارەم: پارێزەر لە کاتی بەرپاکردنی دەعوایەکدا کە خۆی وەکالەتی تێدا کردووە نابێ وەکیلایەتی هاودژی موەکیلەکەی بکات بە شێوەیەکی کشتیش نابێ لە دوو بەرژەوەندیی هاودژدا نوێنەر بێت هەمـــوو پارێزەرێک لەو پارێزەرانەش دەکرێتەوە کە بەهەر سیفەتێ لە نووسینگەکەیدا لەگەڵیدا کاردەکەن.

پێنجەم: نابێ پارێزەر هاریکاری لەگەڵ کەسێکدا بکات کە ناوی لە تۆماری پارێزەران لادراوە.

**ماددەی (٤٣):**

یەکەم: دەبێ پارێزەر بەرامبەر بە دادوەریی ڕەفتارو ڕێبازێکی ڕێزدارانە بگرێت کە شیاوی پیرۆزیی و پایەکەی بێت و نابێ کاری وا ئەنجام بدات کە کار بکاتە سەر یەکلاکردنەوەی دەعوا یان زیان بە ڕۆیشتنی داد بگەیەنێ و چەواشەی بکات.

دووەم: پێویستە پارێزەر بەرامبەر هاوکارانی هەموو دابودەستووریکی شیاوی پیشەکەی خۆی بپارێزێ و نابێ هیچ کارێکی وەها بکات کە زیان بە بەرژەوەندییان بگەیەنێ یان سووکییەک بۆ ناو و ناوبانگی کەسایەتی و پیشەییەکەی بخولقێنێ.

سێیەم: پێویستە پارێزەر خۆی بە بڕیارەکانی ئەنجوومەنی سەندیکاو دەستەو ئەو لیژنانەی کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دروست کراون ببەستێتەوە.

چوارەم: پێویستە پارێزەر بەر لەوەی ببێتە وەکیل هاوکارەکەی خۆی ئاگادار بکاتەوە لەو دەعوایەی کە خۆی وەکیلە تێیدا.

**ماددەی (٤٤):**

مافی موەکل لە داواکردنی لە پارێزەر بۆ ئەوراق و بەڵگەنامەکان و هەموو مافەکانی لە دوای تێپەڕبوونی پێنج ساڵ بەسەر مێژووی کۆتایی کارەکەی نامێنێ تەنیا مەگەر موەکل پیش تەواو بوونی ئەو ماوەیە داوای کردبێ ئەوەش بە ئیمزار دەبێت کە بەهۆی دادنووسەوە بۆی دەردەچێ و ئەو ماوەیەش لە مێژووی پێ ڕاگەیاندنیەوە دەست پێ دەکات.

## بەشی شەشەم
## پێکهاتەکانی سەندیکای پارێزەران
## «سەندیکای پارێزەران»

**ماددەی (٤٥):**

یەکەم: سەندیکای پارێزەران ڕێکخراوێکی پیشەیی دیموکراتیی سەربەخۆیە، هەموو ئەو پارێزەرانە دەگرێتەخۆ کە ناویان لەلای تۆمارکراوەو کەسایەتییەکی مەعنەوی هەیەو بارەگاکەی لە هەولێری پایتەختی هەرێمە.

دووەم: ئەنجوومەنێک بە سەرۆکایەتی نەقیب سەندیکاکە دەنوێنێ ئەگەر ئەو دیار نەبوو ئەوا وەکیلی سەندیکا جێگای دەگرێتەوەو ئەو سەندیکایە لە پارێزگاکاندا لقی هەیە و ئەندامەکانی بەو ڕێگایە هەڵدەبژێردرێن کە لەم یاسایەدا و لە پەیڕەوەکانی کە لێی دەرچوون هاتووە.

**ماددەی (٤٦):**

سەندیکا ئەم کارانە دەکات:

یەکەم: بەشداریی کردن لە پشتگیری حکومەتی هەرێم و سیستەمی دیموکراتی و پاڵپشتی کردنی فیدرالیەت وچەسپاندن و پەرەپێدانی.

دووەم: بەدی هێنانی ئەو ئامانجە دیاری کراوانەی کە لەم یاسایەدا هاتوون و کار دەکات لە پێناوی بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەیی پارێزەریی.

سێیەم: پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری بە ئەندامانی و دابینکردنی یارمەتی گوزەرانی وا کە ژیانێکی سەربەرزانە بۆخۆیان و خێزانەکانیان بەدی بێنن.

چوارەم: هاریکاری کردن لەگەڵ سەندیکا پیشەییەکانی دیکە لە پێناوی بەدی هێنانی ئامانجە پیشەییەکانی.

پێنجەم: هاریکاریی و هەماهەنگی کردن لەگەڵ دەسەڵاتی دادوەری هەرێمی و ناوەندی و دەزگاکانی دیکەی دەوڵەت بە جۆرێکی وا کە داد و سەروەریی یاسا دابین بکات.

## بەشی حەوتەم
## لقی یەکەم ـ دەستەی گشتی پارێزەران

**ماددەی (٤٧):**

دەستەی گشتی پارێزەران لە هەموو ئەو پارێزەرانە پێک دێ کە لە تۆماردا نووسراون و ئابونەی بەشداربوونی خۆیان داوەو هیچیان لەسەر نەماوە.

**ماددەی (٤٨):**

یەکەم: دەستەی گشتی هەر سێ ساڵ لەمانگی شوباتدا کۆدەبێتەوە.

دووەم: ڕادەی یاسایی بۆ کۆبوونەوەی دەستەی گشتی بە ئامادەبوونی زۆرینەی موتلەقی ئەندامانی تەواو دەبێت و ئەگەر ئەو ڕادەیە تەواو نەبوو ئەوا کۆبوونەوەکە دوا دەخرێ بۆ ڕۆژی دوایی و بە ئامادەبوونی چارەکی ئەندامانی دەکرێ و ئەگەر ئەوەش نەبوو ئەوا ئەنجوومەنی سەندیکا بۆ دەورەیەکی دیکە بەردەوام دەبێت.

**ماددەی (٤٩):**

دەستەی کشتی ئەم دەسەلات و تایبەتمەندییانەی خوارەوەی هەیە:

١ـ وتوویژکردن لەسەر کارەکانی ئەنجوومەنی سەندیکاو بڕیار دان لەسەر دواژمێرکاریی بودجەی پێشوو و بڕیاردان لەسە بودجەی نوێ کە ئەنجوومەنی سەندیکا بۆ سێ ساڵی داهاتووی ئامادەی دەکات.

٢ـ سەیرکردنی کاروباری ئەو پارێزەریەی کە لە خشتەی کاردا هاتووەو یەکلاکردنەوەی ئەو پێشنیارانەی کە خراوەتە بەردەمی سەبارەت بەو کاروبارانە.

٣ـ دەستنیشانکردنی ڕەسم و ئابونەی بەشداربوون و غەرامە بۆ سەندیکا و سندووقی خانەنیشینی.

٤ـ هەڵبژاردنی نەقیب و ئەندامانی ئەصلی ئەنجوومەنی سەندیکاو یەدەکەکانی.

٥ـ بڕیارەکانی دەستەی کشتی دەبێ جێبەجێ بکرێن و بە زۆربەی ڕەهای دەنگی ئەندامە ئامادەبووەکان دەردەچێت.

**ماددەی (٥٠):**

یەکەم: دەستەی کشتی بە شێوەیەکی نائاسایی لە بارەکای سەندیکا لەسەر داواکردنی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجوومەن یاخود سێ یەکی ئەندامە تۆمارکراوەکان کۆدەبێتەوە.

دووەم: ڕادەی یاسایی بۆ کۆبوونەوەی نائاسایی بە ئامادەبوونی بەلایەنی کەمەوە سێ یەکی ئەندامە تۆمارکراوەکان تەواو دەبێت و ئەگەر نەبوو ئەوا بۆ ڕۆژی دوایی دوا دەخرێ و ئەگەر ئەمەش نەبوو ئەوا کۆبوونەوە نابێت و بلاوەی لێ دەکرێ.

سێیەم: نابێ هیچ کاروبارێک وتوویژی لەسەر بکرێت کەر لە داواکاری بەستنی کۆبوونەوە نائاساییەکەدا نەهاتبێ.

**ماددەی (٥١):**

ئەنجوومەنی سەندیکا لە نەقیب و (دە) ئەندامی ئەصلی و سێ ئەندامی یەدەگ پێک دێ.

**ماددەی (٥٢):**

ئەو کەسەی کە بە نەقیب هەڵدەبژێردرێت مەرجە ئەمانەی لێ بێتەدی:

یەکەم: پێویستە ڕاوێژکاربێت و بە کردەوە پارێزەریی کردبێت بە پێی تۆماری (الاقدمیە) بۆ ماوەیەک لە دە ساڵ بەسەر یەکەوە یاخود پچڕ پچڕ کەمتر نەبێت.

دووەم: نابێ بە هیچ سزایەکی بەرزەفتی حوکم درابێ.

**ماددەی (٥٣):**

ئەوەی بە ئەندام هەڵدەبژێردرێت مەرجە ئەمانەی خوارەوەی لێ بێتەدی:

یەکەم: دەبێ ڕاوێژکار بێت و بە کردەوە پارێزەریی کردبێت بە پێی تۆماری پێشینەیی (الاقدمیە) بۆ ماوەیەک لە حەوت ساڵ بەسەر یەکەوە یان پچڕ پچڕ کەمتر نەبێت.

دووەم: نابێ بە هیچ سزایەکی بەرزەفتی مەحکوم کرابێ کە ڕێگەی لە دەست دانە پیشەی پارێزەری کرتبێ.

**ماددەی (٥٤):**

ئەنجوومەن لە یەکەمین کۆبوونەوەیدا لە نێوان ئەندامەکانی وەکیلێک بۆ سەندیکا و سکرتێر و ئەمینداریکی سندووق هەڵدەبژێرێ و دەسەڵات و تایبەتمەندیان بەپێی ئەم یاسایەو ئەو ڕێنماییانەی کە ئەنجوومەن دەریان دەچوێنێ دیاری دەکات.

**ماددەی (٥٥):**

یەکەم: ئەنجوومەن هەر (١٥) ڕۆژ جارێک کۆبوونەوەیەکی ئاسایی دەبەستێ و بە شێوەیەکی نائاساییش لەسەر داوای ئەقیب یان لەسەر داوایەکی نووسراو لەلایەن بەلانی کەمەوە سێ ئەندامی ئەنجوومەن بۆ سەیرکردنی ئەو بابەتەی کە لە پێناویدا داوای کۆبوونەوە کراوە.

دووەم: کۆبونەوەی ئاسایی و نائاسایی ئەنجوومەن بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامانی بە ئەقیب و وەکیلی سەندیکاوە نەبێت نابەسترێت و لە کاتی ئامادەبوونیان ئەوا بە تەمەنترین ئەندامی ئەنجوومەن سەرۆکایەتی ئەو کۆبوونەوەیە دەکات.

سێیەم: بڕیارەکانی ئەنجوومەن بە زۆربەی دەنگ دەردەچن و ئەگەر دەنگەکان بەرامبەر بوون ئەوا ئەو لایەی کە سەرۆک یا ئەوەی جێی دەگرێتەوە لەگەڵدا بێت پەسند دەکرێت.

چوارەم: بڕیارەکانی ئەنجوومەن مولزیمە.

لقی دووەم (ئەقیبی پارێزەران)

**ماددەی (٥٦):**

ئەقیبی سەندیکای پارێزەران لە بەردەم دەسەڵاتی دادوەری و دەستەی دیکەدا نوێنەرایەتی سەندیکا دەکات و ئەم دەسەڵاتانەی هەیە:

یەکەم: سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی سەندیکا دەکات.

دووەم: ئەو بڕیار و ڕاسپاردانەی کە دەستەی گشتی و ئەنجوومەنی سەندیکا بڕیاریان لەسەر داوە جێبەجێیان دەکات.

سێیەم: بەستنی ئەو گرێبەندانە (العقود)ی کە ئەنجوومەنی سەندیکا ڕەزامەندی لەسەرداوە.

چوارەم: بەناوی سەندیکاوە لە بەردەمی دادکاکاندا دادوەریی دەکات و بۆشی هەیە ئەندامێکی دیکەی ئەنجوومەنی سەندیکا یا پارێزەرێکی دیکە لەجیاتی خۆی بۆ ئەو ئەرکە دابنێت.

**ماددەی (٥٧):**

یەکەم: وەکیلی سەندیکا لە کاتی ئامادەنەبوونی نەقیب هەموو دەسەڵاتێکی ئەوی هەیە.

دووەم: نەقیب بۆی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەکانی خۆی بدات بە وەکیلی سەندیکاکەی.

**ماددەی (٥٨):**

ئەنجوومەن ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی هەیە:

یەکەم: دامەزراندنی فەرمانبەران و بەردەستان و دیاری کردنی مووچەکانیان و رێکخستنی کاروباری خزمەتگوزارییان بەپێی ئەو رێنماییانەی کە ئەنجوومەن دەریان دەچوێنێ.

دووەم: ئامادەکردنی ژمێرکاریی کۆتایی سەندیکا بۆ ساڵی دارایی رابردوو و ئامادەکردنی بودجەی نوێ بۆ سێ ساڵی داهاتووی بۆ ئەوەی بیبان خاتە بەردەم دەستەی گشتی بۆ راستاندنیان.

سێیەم: سەرپەرشتی کردنی لقەکانی سەندیکا و ژوورەکانی پارێزەران.

چوارەم: دامەزراندنی ژووری پارێزەران.

پێنجەم: دامەزراندنی یانەکانی پارێزەران بە پێی یاسای کۆمەڵەکان و پەیرەوە ناوخۆییەکانیان و سەرپەرشتی هەڵبژاردنی دەستەکانی بەڕێوەبردنیان.

شەشەم: پێکهێنان و دیاری کردنی دەسەڵاتەکانی ئەو لیژنانەی کە لەم یاسایەدا هاتوون و پێویستە پێک بهێنرێن.

حەوتەم: جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی دەستەی گشتی و بەدواداچوونی راسپاردەکانی.

هەشتەم: ناردنی ئەو شکایەتانەی کە سزایەکەیان لە تایبەتمەندیی ئەنجوومەندا نییە بۆ لیژنەی بەرزەفتی.

**ماددەی (٥٩):**

یەکەم: ئەگەر نەقیب یەکێک لە مەرجەکانی ئەندامیەتی بەهەر هۆیەک لە دەست دا ئەوا وەکیلی سەندیکا بۆ ئەو ماوەیەی کە ماوە جێی دەگرێتەوە ئەگەر ئەو ماوەیە لە ساڵێک کەمتر بوو.

دووەم: ئەنجوومەنی سەندیکا لە ماوەی (١٥) رۆژ داوای کۆبوونەوەیەکی نائاسایی دەستەی گشتی دەکات بۆ هەڵبژاردنی نەقیب بۆ ئەو ماوەیەی کە لە دەورەکە ماوە.

سێیەم: ئەگەر ئەندامی ئەصلی یەکێک لە مەرجەکانی ئەندامێتی لەدەست دا ئەوا ئەندامی یەدەگ کە زۆرترین دەنگی وەرکرتووە جێی دەگرێتەوە.

چوارەم: ئەگەر شوێن و پایەی زۆرینەی ئەندامانی ئەنجوومەن بە واز هێنان یان بە هەر هۆیەکی تر چۆڵ بوو ئەوا لیــــژنەیەک لە پێنج ئەندام پێک دێت و ئەنجوومەنی دادوەریی دایان دەمەزرێنێ و دادوەرێک سەرۆکایەتی دەکات کە لە صنفی یەکەم بێت و لەگەڵ ئەندامیــەتی چوار پارێزەری ڕاوێژکــار، کاروباری بەڕێوەبردنی سەندیکا دەگرێتە دەست و داوای دەستەی کشتی دەکـات بۆ کـۆبوونەوە لەمــاوەی (٣٠) سی ڕۆژ بۆ هەڵبــژاردنی نەقـیب و ئەنجوومەنی سەندیکا بۆ دەورەیەکی نوێ.

لقی سێیەم ـ (لیژنەی بەرزەفتی)

(الانضباط)

**ماددەی (٦٠):**

لیــژنەی بەرزەفـتی لە پێنج ئەندام لە پارێزەری ڕاوێژکـار پێک دێت، لەوانە سێ ئەندامیــان ئەصلین و دوانیــشیــان یەدەگن و لەلایەن ئەنجـوومـەنی سـەندیکاوە دەسنیشان دەکرێن بە مەرجێک سەرۆکەکەی لە ئەندامانی ئەنجوومەن بێت.

**ماددەی (٦١):**

هەر پارێزەرێکی زیانی بە ئەرکێک لە ئەرکەکانی پیشـەی پارێزەریی گەیاند، یان کارێکی وای کرد کە لە نرخی کەم بکاتەوە یا کردارێکی ئەنجامدا کە لە کەرامەتی پارێزەران بدات یاخود سەرپێچی حوکمێک لە حوکمەکانی ئەم یاسایەی کرد ئەوا سزایەکی بەرزەفتی دەدرێ.

**ماددەی(٦٢):**

جگە لەوەی کە دەقێکی ئەم یاسایە کرتبێتیەوە دەنا هەر کـارێکی لەم برگـانەی خوارەوەدا هاتبێ زیان گەیاندنە بە ئەرکی پیشەی پارێزەری:

یەکەم: زیان گەیاندنی بەنقەست بە مافی(موەکیل) و لە بەردانی ئەو مافەی یان کاڵتە پێ کردنی یاخود بەکارهێنانی وەکالەتەکەی بۆ سوودی شەخسی.

دووەم: فێڵ لە موەکیل کردن و خۆ لەبەر بردنەدەر لە وەکالەتەکەی.

سێیەم: وەکیلایەتی کردنی شکایەت لێ کراوە کە(الخصم) یان پێدانی ڕاوتەکبیر بۆی.

چوارەم: مامڵەت کردن لەگەڵ دەلاڵ و ناوبژیوانان بۆ ڕاکێشانی مەعمیل بۆ خۆی.

پێنجەم: فێـڵ کردن لە بەڵگەنامەی یاسایی و پێشکەش کـردنی بە دادوەری یان لایەنی ڕەسمی.

شەشەم: ڕێگە ون کردن لە دادوەریی بە هەر شێوەیەک لە شێوەکان بێت.

حەوتەم: سیفەتی نەقیب یان یەکێک لە ئەندامی ئەنجوومەن بەدرۆ بەکاربێنێ.

هەشتەم:سەرپێچی کردنی فەرمان و ڕێنماییەکانی کە لە ئەنجوومەنی سەندیکا، یان لە هەر دەستەیەک لە دەستەکانی کە لەم یاسایەدا هاتوون دەرچوون.

نۆیەم: ئەگەر مەحکووم کرابێ لەسەر تاوانێکی عەمدی ناسیاسی یاخود تاوانێکی نابڕوو بەر.

دەیەم: بەکارهێنانی کەف و هەرەشە یان نارەزوو پەیدا کردن بۆ راکیش کردنی مەعمیل و بە کارهێنانی پایەی سیاسی یان کۆمەلایەتی بۆ ئەو کارەی.

**ماددەی(٦٣):**

یەکەم: لیژنەی بەرزەفتی بۆی هەیە ئەم سزایانەی خوارەوە بدات:

١ـ ئاگادار کردنەوە: ئەمە بە نووسراوێک ئاراستەی پارێزەرەکە دەکرێت و لەوەی کردوویەتی ئاگادار دەکرێتەوە و داوای لێ دەکرێت لە دوا رۆژدا دووبارەی نەکاتەوە.

٢ـ ئینزار: ئەمەش بە نووسراوێک ئاراستەی پارێزەرەکە دەکرێت و ئەو کوناهەی بۆ دەردەخرێت کە ئینزارەکەی لەسەری پێدراوە و داوای لێ دەکرێ لە دوا رۆژدا دووبارەی نەکاتەوە و دەبێ غەرامەیەکی دارایی بدات کە لە دوو سەد و پەنجا دینار کەمتر نەبێ و لە دوو هەزار دیناریش پتر نەبێ و ئەو پارەیەش دەخرێتە سندووقی سەندیکا.

٣ ـ رێگرتن لە دەستدانە پیشەی پارێزەری بۆ ماوەیەک لە شەش مانگ کەمتر نەبێ و لە دوو سالیش پتر نەبێ و ئەمەش لە رۆژی پێ راگەیاندنی بریاری کۆتایی کە لە دژی دەرچووە کاری پێ دەکرێ.

٤ـ لەو بارەی کە بۆ جاری سێیەم حوکم بدرێت.

دووەم: ئەو ماوەیەی رێگەگرتن لە دەستدانە پیشە، بۆ مەبەستی خزمەت و دەستدانە پیشەکە حیساب ناکرێ.

**ماددەی (٦٥):**

شکایەتی بەرزفەتی (انضباطی) بە شێوەیەکی نووسراو لەلایەن نەقیبەوە یان سەرۆکی داواکاری گشتی یاخود دادگایەک یان لایەنێکی رەسمی یانە لە موەکلیەوە پێشکەش دەکرێ و بەکار دەخرێ.

**ماددەی (٦٦):**

یەکەم: لیژنە سەیری شکایەتەکە دەکات و یەکلای دەکاتەوە بەپێی حوکمەکانی (یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی) ئەگەر نەگونجاو نەبێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا.

دووەم: لە حالەتێک ئەگەر پارێزەر غەرامەکەی نەدا، ئەوا قەدەغە دەکرێت لە دەستدانە پیشەی پارێزەری تاکو دەیدات.

**ماددەی (٦٧):**

یەکەم: لەم حالەتانەی کە لەم یاسایەدا هاتوون، ئەنجومەنی سەندیکا بۆی هەیە رێگە لە پارێزەر بگرێ بۆ دەستدانە پیشەی پارێزەری ئەگەر ماوەی قەدەغەکردنەکەی لە (٦) مانگ کەمتر بوو، یاخود سەرنج راکێشان (إلفات نظر)بو ئەگەر ئەمانەی کرد:

١ـ بەبێ عوزری مەشروع لە بەردەم ئەنجوومەنی سەندیکا یاخود نەقیب ئامادە نەبوو.

٢ـ ئەگەر ڕەوشتێکی نواند کە پێچەوانەی نووسل و داب و نەریتی پیشەکەی بێت.
٣ـ ئەگەر کارێکی وای کرد زیان بە هاوکارەکانی بکەیەنێ یان زیان بەو کەسە بکەیەنێ کە خزمەتێکی کشتی بێ سپێردراوە.
٤ـ زانیاریی درۆی وای دابێتە سەندیکا کە پێچەوانەی حوکمەکانی یاسا کارپێکراوەکان بێت.
٥ـ نهێنییەک لە نهێنییەکانی سەندیکا کە پێی سپێردراوە بڵاوبکاتەوە یان بە پێی ئەرکەکانی ئاگاداریبیان بێت.

دووەم: ئەو بڕیارەی کە لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە بە نووسراوێکی ڕەسمی ئاراستەی پارێزەرەکە دەکرێت و تێیدا بەپێی ڕێکاکانی ڕاگەیاندنی کارپێکراوی سەندیکا بۆی ڕوون دەکرێتەوە.

**ماددەی (٦٨):**

یەکەم: بڕیارەکانی لیژنەی بەرزەفتی قابیلی تەمییز کردنن لە دادگای تەمییزی هەرێم لە ماوەی سی ڕۆژ لە مێژوی پێ ڕاگەیندنی و بڕیاری دادگاش یەکلاکەرەوەیە.

دووەم: ئەو بڕیارانەی کە پلەی کۆتاییان وەرگرتووە لە بارەگای سەندیکاو ژوورەکانی پارێزەران هەڵدەواسرێن.

بەشی هەشتەم
لقەکانی پارێزکاکان

**ماددەی (٦٩):**

یەکەم: لقێکی سەندیکا لە هەموو پارێزەگایەک لە پارێزکاکانی هەرێم دادەمەزرێ و لە سێ ئەندامی ئەصلی و دوو ئەندامی یەدەک پێک دێت لە پارێزەری ڕاوێژکار و لەلایەن ئەو پارێزەرانەوە هەڵدەبژێردرێن کە لە پارێزکاکەدا نیشتەجێن.

دووەم: ئەوەی زۆرتر دەنگی وەرکرتبێ دەبێتە سەرۆکی لقەکە.

سێیەم: ئەوەی سزایەکی بەرزەفتی درابێ کە ڕێگە لە دەستدانە پیشەی پارێزەری بگرێت نابێتە ئەندامی لق.

چوارەم: لە حاڵەتی چۆڵ بوونی پایەی بەرپرسی لیژنەی پارێزکا یا دوو ئەندام لەو لیژنەیە هەموو ئەندامان بانگ دەکرێن بۆ هەڵبژاردنی لیژنەی لق لە مەرکەزی پارێزکاو بە ئامادەبوونی دوو ئەندامی سەرپەرشتکار لە ئەنجوومەنی سەندیکا هەڵبژاردنەکە دەکرێت.

بەشی نۆیەم
(دارایی سەندیکا)

**ماددەی (٧٠):**

دارایی سەندیکا لە مانەی خوارەوە پێک دێ:

یەکەم: ئابونە (بدل)ی چوونە ناو سەندیکا.

دووەم: پارەی ئابوونەی ساڵانە.

سێیەم: ڕەسمی پێشکەوتن و پێشتر دەست بەکاربی.

چوارەم: قازانجی چاپەمەنییەکانی سەندیکا.

پێنجەم: کرێی خانووبەرەکانی سەندیکا.

شەشەم: پارەی بەشایەدی دان و ڕاستاندنی کەفالەتەکان.

حەوتەم: ڕێژەیەکی داشکاو لە پارەی هەقی ماندووبوونی پارێزەربی و پارەی مانگانەو ساڵانەی ئەو ڕاوێژکارانەی بۆ فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێم وکۆمپانیاو کەسی سروشتی و مەعنەوی کار دەکەن کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیان کرێتەوە.

هەشتەم: ئەو غەرامانەی کە خراونەتە سەر کۆمپانیاو بەڵێندەرەکان بەهۆی دامەزراندنی ڕاوێژکاری یاسایی تایبەت بە خۆیان.

نۆیەم: هەموو ئەو ڕەسمانەی کە لەلایەن سەندیکاوە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە وەردەگیرێن.

دەیەم: ئەوغەرامانەی کە خراونەتە سەر پارێزەران بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

یازدەم: ئەو بەخشین و یارمەتییە داراییانەی کە حکومەت بەشداربی تێدا دەکات.

دوازدەم: ئەو پیتاک و بەخششە داراییانەی دیکە بەپێی ڕەزامەندیی دەسەڵاتدارە تایبەتمەندەکان.

**ماددەی (٧١):**

ساڵی دارایی سەندیکای پارێزەران لە ڕۆژی یەکەمی مانگی کانوونی دووەمی هەموو ساڵێک دەست پێ دەکات.

**ماددەی (٧٢):**

یەکەم: ئەنجومەنی سەندیکا بەرپرسە لە ماڵ و پارە و چۆنیەتی وەرگرتنیان و پاراستنیان و بڕیاردان لەسەر سەرف کردنی خەرجییەکانی لە بودجەی دانراوی خۆی کە ئیدارەکەی وا بخوازێ.

دووەم: حساباتی ساڵانەی سەندیکا دەکەوێتە بەر وردبینی چاودێری داریی (الرقابە المالیە)ی هەرێم.

سێیەم: ئەنجومەنی سەندیکا بۆی هەیە لە کاتی پێویستدا ڕاگوێزکاری (المناقلە) لە نێوان ئیعتیمادە دانراوەکانی نێو بودجەی ساڵانەی خۆیدا بکات.

چوارەم: ئەنجوومەنی سەندیکا بۆی هەیە لە کاتی پێویستدا قەرز بە قازانج یان بەبێ قازانج لەلایەنە داراییە ڕەسمییەکان وەرگرێ.

**ماددەی (٧٣):**

بەرەزامەندیی دەستەی گشتی نەبێ نابێت خانووبەرەی مولّکی سەندیکا بفرۆشریت جگە لەوە ئەنجوومەن بۆی هەیە تەسەروف بە ماڵی سەندیکاوە بکات و ئەمەش بە بریارێکی خۆی و بەپێی هەل و مەرجی دارایی دەبێ.

**ماددەی (٧٤):**

ئەگەر بارێکی ناسایی رێ لە بەستنی کۆبوونەوەی دەستەی گشتی گرت بۆ راستاندنی بودجە و حیسابی کۆتایی، ئەوا پارە وەرگرتن وخەرج کردنی لەسەر بنچینەی بودجەی پێشوو بەردەوام دەبن تاکو دەستەی گشتی کۆدەبێتەوە و بریار لەسەر بودجەی نوێی دەدات.

**ماددەی (٧٥):**

یەکەم: پارەو موستەنەدەکان بەناوی سەندیکا لە یەکێک لە بانکەکان دادەنرێن.

دووەم: نەقیب و ئەمینداری سندووق (خەزنەدار) بە یەکەوە یان ئەوەی جێیان دەگرێتەوە بە بریارێک لە ئەنجوومەن فەرمانی دانان و سەرف کردن ئیمزا دەکەن.

**ماددەی (٧٦):**

ئەگەر سەندیکای پارێزەران لەبەر هەر هۆیەک هەڵوەشایەوە ئەوا رەسیدی حیسابەکەی و مولّک و ماڵی دەبنە مولّکی سندووقی خانەنشینی پارێزەران و لەلایەن لیژنەیەکەوە بەرێوە دەبرێ کە ئەندامانی لەلایەن ئەنجوومەنی دادوەری هەرێمەوە دادەمەزرێن.

## بەشی دەیەم
## حوکمە کۆتاییەکان

**ماددەی (٧٧):**

دەستەی کاتی کە بەپێی بریاری ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە (١) کە لە رۆژی ١٩٩٣/١/٣ پێکهاتووە، بەردەوام دەبێ لە بەرێوەبردنی کاروباری سەندیکا تاکو هەڵبژاردن دەکرێ و ئەنجوومەنی سەندیکای نوێ هەڵدەبژێردرێ و پێویستە لەسەری کاری وا بکات بۆ هەڵبژاردنەکە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە ماوەیەک ئەو پەردەکەی نەوەت رۆژ بێت.

**ماددەی (٧٨):**

ئەو پارێزەرانەی کە لە سەندیکا تۆمارکراون هەموو مافێکیان لەلای سەندیکای پارێزەران و سەندووقی خانەنشینی پارێزەران و کۆمپانیای دڵنیابون لە ژیان کە لە مەرکەزدا هەیە و پێویستە لەسەر سەندیکا هەموو کارێکی پێویست بکات بۆ وەدەست هێنانی ئەو مافانە.

**ماددەی (٧٩):**

کارکردنی بە رەسمی ناونووس کردن و ئابونەی بەشداربوون و غەرامەکان و پارەی دابین کردنی تەندروستی و رەسمی دیکە ئێستاکە بەردەوام دەبێت تاکو هەڵبژاردن دەکرێت.

**ماددەی (٨٠):**
کار بەهیچ دەقێکی دیکە ناکرێت کە نەگونجاو بێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا.
**ماددەی (٨١):**
پێویستە لەسەر ئەنجوومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.
**ماددەی (٨٢):**
ئەم یاسایە لە مێژووی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا جێبەجێ دەکرێ.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# هۆیە پێویستیەکان

لە دوای ڕاپەڕینی شکۆداری ئادار، حکومەتی ناوەندی لە بەغدا کارگێڕی خۆی لە هەرێمی کوردستانی عێراق کێشایەوەو ئابلۆوقەیەکی کارگێڕیی و ئابووری خستە سەر هەرێم، ئەمە وای کرد ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بڕیاری ژمارە «٢٢» لە ڕۆژی ٥/ ١٠/١٩٩٢دا دەرچوواند بە دیاری کردنی پەیوەندیی هەرێم بە ناوەند بە شێوەی فیدرالیزم.
لە ئەنجامی ئەو کارەدا پەیوەندی لەنێوان پارێزەران لە هەرێمی کوردستان و سەندیکای ناوەندی پچڕا، جگە لەوەش یاسای سەندیکای ناوەندیی هیواو ئاواتی پارێزەرانی دەرنەدەبڕی و لەگەڵ پەرەپێدان ودیموکراتییەت نەدەڕۆیشت، تاکو کاروباری پارێزەرانی کوردستان لە سەندیکایەکی پیشەیی ڕێک بخرێ و کاروباری خۆی لەسەر بنەمای دیموکراتییەت و کیانی سەردەم ڕێک بخات و ڕەچاوی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بکات و لەگەڵ هیواو ئاواتی پیشەیی ئەندامان بگونجێ و ئاستی پیشەیی و زانستی وکوزەرانی ئەندامان بەرز بکاتەوە، بۆیە ئەم یاسایە دەرهێنرا.